# من دەزانم تۆ تەنها بەردێکیت، هیچ زیان وسوودێکت نییە، ئەگەر پێغەمبەرم نەبینیایە -صلى الله عليه وسلم- کە ماچتی دەکرد؛ ئەوا هەرگیز ماچتم نەدەکرد

لە عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هات بۆ لای بەردە ڕەشەکە، وماچی کرد، ووتی: «من دەزانم تۆ تەنها بەردێکیت، هیچ زیان وسوودێکت نییە، ئەگەر پێغەمبەرم نەبینیایە -صلى الله عليه وسلم- کە ماچتی دەکرد؛ ئەوا هەرگیز ماچتم نەدەکرد».»

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێشەوای ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای بەردە ڕەشەکە لە گۆشەیەکی کەعبە وماچی کرد، ووتی: دەزانم تۆ تەنها بەردێکیت، زیان وسوودت نییە، ئەگەر نەمبینیایە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ماچی دەکردیت ئەوا هەرگیز ماچتم نەدەکرد.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee